
قیبلەنمای تراویلکە

عومەر سەید



٢٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٦ چیرۆک

ژوورەکە پڕ دووکەڵ و بۆنی کحولە، هێشتا هەر باشە. دەستەکانم لەسەر چاوەکانم لابەرم، پڕ دەبێت لە سوێراوی فرمێسکم و دەخنکێم. قوڵپ دەدەم و نایەڵم فرمێسک بڕژێ. جگەرە بە جگەرە پێ دەکەم و مەست و نیوە ئاگا لەسەر سیسەمەکە ڕاکشاوم. سیسەمێک بۆن عەزابی سەدان موسافیری بەر لە منی لێ دێت. چڵک و چڵمیان، مەراق و عەزابیان، پەڵە پەڵە بە هەموو شوێنێکی سەرین و دۆشەک و دیوارەکەوەیە! من وەک ئەوان، پاشماوەی چڵکی خۆم جێناهێڵم. ئەوان شەوێک یا دوو شەو، لێرە وەک مار کاژێکیان لە پیسی فڕێداوە و پاشان بە ئازارەکانیانەوە بۆی دەرچوون. نا، من لێرە دەرناچم، تا لە هەموویان زیاتر پیسترینی خۆم جێنەهێڵم. لێرە کۆتایی بە هەناسەکانم

دێنم و ڕۆح و جەستەی کەنەفت و نەخۆشم هەر لێرە بە کۆتایی دەگەیەنم. پیسترینی خۆم جەستە و ڕۆحم، لێرە بە بۆگەنی جێدێڵم. دەگەڕێمەوە بۆ بەر لەدایکبوونم. ئەو کاتانەی جەنگیزخان، هەڵمەتی دەبرد و کەللەسەری هەڵدەچنی. دەگەڕێمەوە ئەو سەردەمەی پێغەمبەرەکان، مردوویان زیندوو دەکردەوە و ژنانیان وەک کەنیزەک دەبەخشییەوە. ئەو کاتی خودا، بۆ هەموو ڕووداوێک، کرداری هەبوو. بۆ سەردەمی تەیروئەبابیلە کە بێشوومار بەردیان بۆ گەڕانەوەی شکۆی خودا دادەبارند. لەم دوا ساتانەی ژیانیشم، پیرۆت وازم لێناهێنێت و هەر دەڵێ. کوا... کوا... دایە مەنیج واز ناهێنێت و دەقیژێنێ بەسەرما: کوا... کوا... کواااا... من هاتووم لەم ژوورە تەنیایەدا خۆم بکوژم. کەچی سەدان کەس لە ژوورەکەدا، هاوارم لێ دەکەن کوژراوەکانمان بۆ بگێڕەوە!

کوڕەکەم کوا... کچەکەم لە کوێیە... باوکم بدۆزەرەوە... مێردەکەم، ماوە یان نا... کچەکانم لە کوێن، ماون یان نەماون؟

من دەمەوێ خۆم بکوژم، ئەوان هێشتا دەیانەوێ شوێنی کەسوکارە کوژراوەکانیان بۆ بدۆزمەوە.

بیست پایزم بینیوە و بارتەقای درەختە پیرەکەی نێو حەوشەکەمان چەند گەڵای لێ وەریوە، هێندە و زیاتر خەم بۆ نێو ڕۆحم داباریوە. بۆیە بیست شووشە بیرم هێناوە. لە سااڵیادی لەدایکبوونم، لە بری مۆم، جگەرە دوای جگەرە دەکێشم و بیرە دوای بیرە دەخۆمەوە تا دوا سنووری مەستی. ئەمشەو دوا شەومە لە ژیاندا و خۆم دەکوژم. سبەی کە خۆر هەڵدێت. بۆ من نییە، من لە تاریکییەکی ئەبەدی و سارد و سڕدام. لەم ژووری ئوتێلە لاچەپک و پیسەدا، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی بەر لەدایکبوونم. نا بەر لە منداڵدانی دایکیشم. بیست هاوین، بەر بیست سەدە کەوتم! تەمەنم بیست دۆزەخە! بەردەوام هاودەمی مردووەکان باریکی قورس بوو. هەرگیز وەک مرۆڤ

نەژیام. هێندەی هەموو برینپێچەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، تەرمم بینیوە. من لە قیبلەنمایەک زیاتر نەبووم. قیبلەنمای دۆزینەوەی بزرە مردووەکان. دەگمەنترین کەسی ڕۆژگاری خۆم بووم. هەتا بڵێی تایبەت و دەگمەن بووم. منداڵی جووکییەک دەبێ چۆن ژیانی کردبێت؟ ئەمشـــەو بارگەوبنەوە دەپێچمەوە، بەڵام هەرگیز ئەو پیرە پیاوەم بیر ناچێت. وەک ئەوەی هەمیشــە هاوەمم بووبێت. ئەوەتا لە یەکێک لە ئاوێنە بازنەییەکاندا، بە خیشم و قینەوە لێم دەڕوانێ. ئێستاش واهەست دەکەم لە بەردەممدایە. خەم و ئازاری ئەم پیرەپیاوە، کە هەرگیز لێمنابێتەوە، هۆکارێکی ســـەرەکیی خۆکوشـــتنمە. حەوت کچ و ژنەکەی ئەنفال بوون. هەموو ڕۆژێک دەهاتە لای باوکم. هەفتەی جارێکیش باوکم لەڕێی خودا، دەیکردە ئەو ژووڕە تاریکەی تەنها منی بەردەم ئاوێنەیەکی گەورەی تیادابوو، منی قەتیســـکراو. هەموو هەفتەیەک جـارێـک، من دەبوایە بۆ کچەکـانی خواڕەحم بگەڕێم. کچەکانت ئەوەتان، دەبینی؟ لەنێو لمدا، کراســـی بووکینی خۆیان دەدوورن. دەبینی، لە بیاباندا، بە دوای زاوادا دەگەڕێن! دەبینی، وەک سـەحرا، کراسـەکانی بەریان پڕ پوولەکەی تراویلکەیە. لەم ئاوێنەیەوە تەماشـــایان بکە، ئیدی بۆ ئەبەد نایانبینیتەو. بیابان یەک جار هەڵیلووشـــیت، ئیدی هەرگیز ناتگێڕێتەوە. ئەوەی شـــوو بە لم بکات، گەڕانەوەی نییە! نەمـدەزانێ چۆن تێبگەیەنم کە بیـابـان زاوایەکی دڵپیس و بەدفەڕە، هەر کە کچی خۆت پـێـبەخشـــی، لە یەکەم شـــەوەوە و پـاش زاوا بـوون، ئـیـدی نـایـبـیـنـیـتەوە. ئەو پیر و کەنەفت بوو. چـاوەکـانی تەڵخ و نـاڕوون دەیـانبینی. خێرا خێرا و پچڕ پچڕ دەیوت. "کوا هیچ نـابینم؟!" بە گریـانەوە دەیوت "کەمێـک ئـاوێنەکە پـاک بکەرەوە." هەموو جارێک بە خاولێکەی دەســـتم ئاوێنەکەم بۆ پاکتر دەکردەوە. ئەو هەر نەیئەبینی. تەڵخی و لم بارینەکە لەناو بیابانەکەدا بوو، ئەگەر نا ئاوێنەکە ساف و ڕوون بوو. دەمزانی ئەوەی من دەیبینم لە حوکمی چاوی ئەودا نەبوو. بۆ دڵدانەوەی و کەمێک هێورکردنەوەی ڕۆحە بە ئازارەکەی، بە لێهاتوترین شـــێوە درۆم بۆ دەکرد و وێنای زاواکانیم وەک کوڕە

شـــوانه چوارشـــانەکانی گوندەکەی خۆی، وەک ئەو گەنجانەی بەدەم بلوێرەوە هارترین بەرانەکانیان ڕام دەکرد. وەک ئەو پیاوە پاکیزانەی، پێنج فەرزە، نوێژیان دەکرد. ئاوا بە درۆ وێـنـــای شـــانـــوشـــەوکەتـــی زاوای بـــیـــابـــانـــم بـــۆ دەکـــرد. کیژەکانیم وەک حۆرییەکانی نێو بەهەشـــت بۆ باس دەکرد. ئەها ســـەرنج بدە، چ بەژن زراف و چ جوان هەڵـدەپەڕن. کـاتێکیش بە دەروونی ئـارامەوە ژووڕە تـاریکەکەی جێدەهێشـت. کەفوکوڵی گریانی من دەسـتی پێ دەکرد. ئەوەی من دەمبینی لە ئاوێنەکەدا، جگە لە خۆم کەس بەرگەی نەدەگرت و ڕووی باسـکردنی نەبوو. خواڕەحم چاوەکانی کز بوون. گەر نا یەک لەســـەر هەزاری دیمەنی کیژۆڵەکانی، بەس بوو بۆ ئەوەی دەســـتبەج ڕۆحی دەربچێت.

لە تەمەنی شـــەش بەهاریمدا، لەبری ئەوەی بخرێمە بەر مەکتەب. باوکم، خســـتمێ بەر ئاوێنە! من منداڵی بەر ئاوێنەیەکی ئەفســـوناوی بووم! لەنێو ژووڕێکی تاریک و کەمێک تەڵخ و لێڵ بە ڕەنگی خوێن، ژووڕێکی پڕ هەناسەی مەرگ و بخوڕی سووتاو، یان باشتر وایە بڵێم پڕ تەرمی بۆن کردوو. ئەو تەرمانەی گۆڕیان نەبوو، لە کون و پەســـێوێکی ئەم ســـەرزەمینەدا، لە بیابانێکدا، لەنێو چڕە قامیشـــێکدا، لە کەندڕێکی قووڵی دووڕە شـــاخێکدا، هەر بە جلوبەرگی خوێناویی خۆیانەوە حەشـاردرابوون. یان لە بنی قووڵی بیرێکدا، لەگەڵ کەلاکی ســـەگ و پشـــیلە و مـــار و مێروودا بۆ ئەبەد فڕێـدرابوون. لە ئـاوێنەکەدا، ئێســـکوپروســـک و کەللەســـەری دەم داچەقاوی ئەوانم دەبینی و لە ژووڕەکەشـــدا، کەسوکاری چاو بە فرمێسک و دەم بە ئاە و نزای ئەوانم دەبینی. هەمیشە چاوێکم لەسەر تەرمە بزرەکانی نێو ئاوێنەکە و چاوێکیشـم لەسـەر دەموپلی پارانەوە و هاواری کەسـانی نێو ژووڕە تەڵخەکە بوو. باوکم بە ڕیشـــێکی پان و فرێودەرانەوە، بە زمـانی لووس و لێزانـانەوە دەژیـا و پـارەی کەڵەکە دەکرد. ئەو گیرفـانیـانی دەتەکـان و منیش ڕۆحیـان. ئێســتاشــی لەگەڵ بێت، نازانم ئەو چۆن ئەوانی فرێودەدا و بە چ ئەفســونێک لە خشــتەی

دەبردن! خۆیشـــم تا ئێســـتا نازانم چۆن ئەو هەموو تەرم و وێنە و شـــوێنە لاتەریک و چەپکانە دەهاتە نێو ئاوێنەکەی بەردەمم و من لەژێر کاریگەری چ ســیحرێکدا، ئەو هەموو دیمەنە قێزەونـــانەم دەبینـی و بۆ قـوربـــانـییەکـــانـی نـێـو ژووڕەکەم دەگێڕایەوە! زۆر جار لە بێزاری و ئازاری جەستە شـەکەتەکەمدا، بۆ بینینی حەشـاماتی نێو دیوەخانە هەمیشـــە ســـیخناخ لە خەڵکەکەدا، کە وەک ڕانە مەڕ لە بەردەم وێقاری باوکمدا گڕمۆڵە دەبوون. دەچووم و لە ســـووچێکدا گرمۆڵە دەبووم و مت و مات دەمڕوانی و گوێم لە داخوازی و ڕاز و نیازی خەڵکەکە دەگرت. هەمیشـــە دیوەخانەکە جمەی دەهات لە خەڵک، لە ژن و لە پیـاو. دیوەخـانێـک، دیواری بە جـاجم و بە تـابلۆی ئـایەت و بە زەخرەفەی ئیسـلامی داپۆشـرابوو. دوو دەڕۆیشت و سێی تر خۆیان دەکرد بە ژووردا. لە ناوڕاستی لای ســەرەوەی دیوەخانەکەدا، باوکم بە وێقاری پاشـــایەک، چوارمشـــقی شـــانی دادابووە ســەر ســەرینی ئاوریشـمی پڕ نەقش و نیگار. بەســەر فەرشـی حەوت ســەد شـانەی حەوت ســەد ڕەنگەوە، بە پەنجەی ئەســتووری پڕ ئەنگوســتیلەی یاقوت و زومروودەوە، بە دوو چاوی زەقی نێو بازنەی قژە ســەر و ڕیشـی درێژەوە، بە دەوریدا، کەشـێکی جادوویی پڕ تەلیسم دەبارێ.

پەیتا پەیتا، مرۆڤ لە بەردەمیدا کڕنۆشی دەبرد و پاشان ڕاز و نیازی خۆیان هەڵدەڕشت. خێرا خێراش بـاوکم هـاواری دەکرد. "کـاری تۆ بە جێیە و خەمـت نەبێـت بە دڵی خۆت دەبـێـت." بە یەکی دەوت. "بـچـۆ ئـێســـکـی بـــاڵـی پەپـولەســـلـێـمـانـم بـۆ بـێـنە." بە یەکێکی تری دەوت. "بچۆ پێی ڕاستی پشیلەیەکم بۆ بێنە، لە ئەنیشک بە دواوە باشترە و کاری خۆی دەکات."

ئەنگوســـتیلەی مس و فافۆنی بە ســـەد قاتی پارەی خۆی پێ دەفرۆشـــتن. پەیتا پەیتا دەیناردنە دوکانی ســەر کۆڵانەکە، ڕەشـکە و هەنگوێنی بە نرخی خەیاڵی پێدەدان. ڕۆژانە قۆڵی سەدانی لە بنەوە دەبڕی...

ئەوەی هەرگیز بیرم نـاچێتەوە، ئەو کوڕە گەنجە بوو کە بە پرتـاو هـات و لە بەردەم باوکمدا، کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی کۆنی هەڵڕشـــت و قورت قورت کەوتە گریان. هەر بە دەم گریـانەوە هـاواری دەکرد. "بڕوانە بورجەکەم یـا شـــێخ، ببینە کە چی دەڵێـت..." یەک یەک ڕۆژنامەکانی هەڵدەگرت و دەگەڕا پیایدا و شـــتێکی دەخوێندەوە. "ئەم هەفتەیە قازانجێکی زۆر دەکەیت. ئاســـتی ســـەرمایەت بێ حەد زیاد دەکات و دەوڵەمەند دەبیت." لە ڕۆژنامەیەکی تردا گەڕا و چووە سەر بورجەکان، پەنجەی خستە سەر بورجی کاوڕ و بە دەم بەرنســـک دانەوە کەوتە خوێندنەوەی. "لەم هەفتەیەدا، بە دڵخوازی خۆی دەگات و لە چەند ڕۆژێکدا زەماوەند دەکات." بڕوانە لێرە بورجەکەم چی دەڵێت. "بەختت ڕوو لە بەرزییە، ژیانت بەرەو کامەرانییە، ئەو هەواڵانەی ئەم هەفتەیە پێت دەگات. هەمووی ڕوو لە خۆشییە...

یا شـــێخ، من کە بورجەکانم، پڕ لە خۆشـــییە، بڕوانە گیرفانم خاڵییە. بێ ژن و بێ حاڵ و ماڵم. بێ پارە و بێ کار و سەرگەردام...

تکایە بە خودا بڵێ، بەســـــە ئیتر هێندە بەختم کوێرنەکاتەوە. هـاتووم پێی بڵێی، واز لە بورجی بەختم بێنێ، خۆ من کافر نییم! "

کوڕە پڕ بە دیوەخانەکە دەگریا و هاواری لە باوکم دەکرد. "یا شێخ بە خودا بڵێ، پێی بڵێ ئیتر بەس ڕێ لە بەختم بگرێت..."

باوکم هەرچی کاری قۆڕ بوو دەیکرد. گرنگ لای ئەو کەڵەکەکردنی پارە بوو. هەزار سەر و سەودای هەبوو. کەللەسەری پڕ بوو لە فڕوفێڵ و تەڵەک، لە ئەتواری سەیر و قێزەون. هێندە بەدفەڕ و زۆڵ بوو، لە ســـــنوقێکدا، چەند دانە بە ناو کوزی کەمتیاری دانابوو و بە گەنج و جەحێلانی دەفرۆشـــــت، یان بە ســـــووڕ بۆ چەند ڕۆژێک، بە پارەیەکی زۆر پێی دەدان. وەک بزانم و ئاگادار بم، هەر بەو شـــتانە، ســـێ چوار خانووی کڕیوە! دەڵێم ئەو

شـتانه، چونکه ئەوانی زۆر جار بە بەرچاومەوە لە چەرمی پۆستاڵی سـووری سـەربازی کۆنە دروسـت دەکرد. پاکەفی پۆسـتاڵەکانی دەخسـتە ئاوێکی گەرمەوە، پاش قەدەرێک بە چەکوش تێی دەکەوت و بە پلایس گێڕوگەواڵی دەکردن. لێزانانە چەند پێچێکی لێ دروست دەکرد. ئەوجا بە کەتەر درزێکی دەخستە ناوڕاستی چەرمەکەوە، سیکۆتینی لێ دەسـویی و تووکی نەرمی پشـــیلەی بەســـەردا دەڕشـــت. چرچولۆچ و لوولپێچێکی ســـەیر کە لە ناوڕاستدا، قڵیشێک هەبوو.

جارێکیان لەسـەر ئەو چەرمە پۆسـتاڵە، گەنجێک حەیا و حورمەتی بە باوکمەوە نەهێشت. ئەو ئێوارەیە دیوخانەکە پڕ بوو لە خەڵک. گەنجێک بە پرتاو خۆی کرد بە ژووردا و لە دووڕەوە هەتا هێزی تێدا بوو، چەرمە چرچەکەی هاویشتە نێوچاوی باوکم و بە خیشم و قینەوە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد." داوەشـێی بۆ خۆت و کوزە کەمتیارت، بێنە پارەکەم بدەرەوە..."

باوکم بەرزە پێ بۆی هەســـتایەوە و بە تووڕەییەوە پێی وت. "بێ ئەدەب، چۆن ئاوا لە حزووری ئەم مەجلیسـەدا و لە ئاوها شـوێنێکی پیرۆزدا، ئاوا بێ ئەدەبانە قسـە دەکەیت؟! " دیوەخانەکە چەند پاسەوانێکی هەبوو، هەمیشە لە خزمەتی باوکمدا بوون و خێرا پەلاماری گەنجەکەیان دا و پڕ شەق و بۆکسیان کرد. دیوەخان شێوا، بوو بە غەڵبەغەڵب. من هەروا تەماشـــام دەکرد. کوڕە بە دەم و پلی خوێناوییەوە هەڕەشـــەی دەکرد و هاواری دەکرد. "پارەکەم بدەرەوە، ئەم دەعبایەیە کار ناکات و درۆیە. یەک ئافرەتم بۆ ڕاو ناکرێت و هەمووان لە بەرم هەڵدێن..."

باوکم تووڕەتر هاواری کرد. "بە شـەق بیکەنە دەرەوە. خۆی ناقۆڵاو بێ دەمودووە، خەتای من چییە..."

ڕۆژێک، که هەر نزیکەی دوانزە زستانێکم بینیبوو. وەرگم گرت و وتم، ناچمە ژوورەوە تا پێم نەڵێت ئەو دیمەنانە چۆن دێنە نێو ئاوێنەکەوە؟! تۆ چۆن دەزانیت ئەم هەموو تەرمە، ئەم هەموو دزییە، ئەم هەموو نهێنییانە ئاشـــکرا بکەیت! تا پێم نەڵێت دوو پێم ناخەمە ژوورەوە...

باوکم کە هەمیشــە جۆرێک لە ســام و ترســی لێ دەباری و چاوەکانی قوولّ و پڕ نهێنی دەردەکەوتن. لە تەنیشت خۆیەوە داینیشاندم و زۆر ئارام و هێدی پێی وتم. "کوڕی خۆم، من بە قەد ئەستێرەکانی ئاسمان جنۆکەم هەیە. هیچ شتێک لە من پەنهان نییە. هەر شتێک، لە هەر کوێی ئەم دنیایەدا ڕووی دابێت، یان هێشـــتا ڕووی نەدابێت، لای من زانراوە. من خاوەنی بێ شـــوومار جنۆکەم لە هەموو کونجێکی ئەم دنیایەدا. من کەراماتم هەیە، کە تەنها خودا بە پێغەمبەرانی داوە. هەر ئێستا لێرەوە دەزانم کێ ڕۆحی دەکێشرێت و کێ و لە کوێی ئەم سەرزەمینەدا دێتە ژیانەوە..."

ڕۆژێک پیرەژنێک هات. خێرا خێرا، بێ وەچان دەیڕێسـی. لە حەوت ژووردا، لەنێو حەوت بوخچەی پڕ گرێکوێرەدا، لەنێو ســـنوقێکی حەوت قفڵدا، کڵۆم دراو بە حەوت کلیلی بەر سوخمەمدا، تەنیشت مەمکی سیسەڵەی سەر دڵە نەخۆشەکەمدا، کلیلیان دزیوە و خشڵ و لیرەی عوســـمانی ڕۆژی زەمـاوەنـدیـان دزیـوم. یـا شـــێخ فریـام بکەوە... باوکم بە بەرچاوی منەوە، لەنێو ژاوەژاوی دەنگی نەشـــازی پیرێژندا، کەمێک لۆکەی سووتاند و لەژێر لێوەوە چەند وێردێکی خوێند. پاشان لە جامە ئاوەکەی تەنیشتییەوە کە بە ڕەنگی حیبری پاندانەکەی تەڵخی کردبوو. هەندێک شـــڵەقاند، دواتر دوو تفی خەســـتی خســـتە ئاوە شـــینباوەکەوە. بۆ پیرێژنی ڕاگرت و وتی "کەمێک لەم شـــلەتێنە بخۆرەوە." پیرێژن لە تاو ئازاری گەنجینە دزراوەکەی، بینی بە جامەکەوە نا. پاشـــان باوکم پێی وت. "دەســتی ئەم تفڵە بگرە و بیبە ژوورەوە بۆ بەر ئاوێنەی جنۆکەکان. لەوێ بە چاوی خۆت دزەکە ببینە..."

لە ئاوێنەکەدا، سیمای تەڵخی پیاوێکی سمێڵ فشی کڵاوجامانە لەسەر بە ئاستەم دەرکەوت. پیرەژن، لەپڕ، پڕ بە ژوورەکە قیژاندی و بەدەم دەرپەڕینەوە هاوری دەکرد. "مەحموودی برام!"

من منداڵێکی هەمیشە نەخۆش و لەڕ و لاوازێ بەر ئاوێنە بووم، ئاوێنەی ئەفسوناوی. منداڵانی خەڵک لەبەردەم ئاوێنەی تەلەڤیزۆندا، تەماشایی ئەفلامکارتۆنیان دەکرد. من تەماشای لاشەی بۆگەن و سەری بە بلۆک پانکراوەم دەکرد. نازانم ئەو هەموو خوێنەی لە ژووره تاریکەکەی منەوە دەڕژا، چۆن دنیای دەرەوەی نغرۆ نەدەکردا ئەی ئەو پیرێژنە چۆن لەبیر بکەم. لە بەردەم ئاوێنەکەدا پێی وتم. "کەمێک پارەم بۆ عەمرە کۆ کردۆتەوە. لە ئاوێنەکەدا تەماشاکە، منداڵەکانم لە کوێن؟ بە پارەکەم دەچمە ئەوێ." هیچ چارێکم نەبوو، جگە لەوەی بڵێم بچۆرە بیابانی عەرەبان، ئەو شوێنەی پارەکەت بۆ کۆ کردۆتەوە.

لەگەڵ خۆمدا ئەمشەو، دە ئاوێنەی بازنەییم هێناوە، ئەوی پیرەکان لە بەردەمیدا ڕیش دەتاشن. ئەمشەو لەو ئاوێنانەوە، دەچمەوە نێو ئاوێنەی ژیانم. یەکەم جار کە باوکم بردمییە دەرەوەی ژیانی ئاوێنە، تەمەنم سیانزە بەهار بوو. ئەو بۆ کارێک هاتبووە شار. ئەوە یەکەم جاری ژیانم بوو کە وتی، برۆ بگەڕێ من زۆرم پێ دەچێ...

وەک منداڵێکی گێل و نەفام، دنیا نەدیدە، وەک بێ ئاگایەک، ئەوە یەکەم جارم بوو بەر دنیا بکەوم. دنیایەکی ڕاستی، دەرەوەی دنیای ئاوێنە. بە هەموو لایەکدا دەمڕوانی! هەموو دیمەنەکان بۆ من نوێی و سەرسامەکەر بوون. لە ناخەوە بە خۆمم دەوت. ژیان لە دەرەوەی ئاوێنەش هەیە؟!. ئۆو ژیان چ جەنجاڵە وەک خۆی! چ قەرەباڵغە وەک خۆی! کەڕ و کاس، حەپەساو و واقورماو لەو خەڵک زۆرەم دەڕوانی کە دەهاتن و دچوون! لە زەینی خۆمدا، هەر وەک مرۆڤەکانی نێو ئاوێنەکە دەهاتنە بەر چاوم. وام هەست دەکرد هەر

یەکەیان بە شـوێن خۆیدا دەگەڕێت. لە ئاوێنەکەمدا، ڕۆحەکان بۆ جەسـتەکانیان دەگەڕان. لەم بـازارە جەنـجـاڵەشـــــدا، جەســـــتەکـان بە دوای ڕۆحـی خـۆیـانـدا وێـڵـن! وەک نەدیوبدییەک، لە بەردەم جامخانەی دوکانەکاندا دەوەسـتام و تەماشـای ناو چاوی کوێرەوەبووی ئەو بووکەڵانەم دەکرد کە بە جلی کەشـخەوە نمایش کرابوون. باشـە ئەم جەســـتە باریک و بەرزانە، دەبێ ڕۆحیان لە کوێ بێت؟! دەگەڕام و وەک هەتیوچەیەک، لامدەدایە هەموو شـیرینی فرۆشـێک و تێر نەدەبووم لە شـەربەت و چلورە و ئەزبەری، لە پاقلە و دەڵمە و شێلمی سەر عارەبانەکان...

دڵخۆش و واقورماو بە نێو حەشـــاماتدا تێدەپەڕێم و گوێیەکانم پڕ پڕ بوون لە ژاوەژاو و دەنگگەلی بەقاڵەکان. یەکم جارم بوو هێندە بە کەیف و پڕ سـەرسـامی بم. پێشـتر هەرگیز هێندە مرۆڤم ئاوا پێکەوە نەبینیبوو! واااای چ قەرەباڵغییەکی خۆشە بە گیانم! بە گوێیەکانم، بە چاوەکانم...

ئەو ڕۆژە تێگەیشـــتم باوکم، درۆی لەگەڵ کردووم! ئەو هەمیشـــە وا وێنای دەرەوەی ژوورەکەی بۆ دەکردم. هیچ ئاوەدانێەک بوونی نییە، دنیا دەشـــتێکی قاقڕی پڕ تەرمی بێ ناسنامەیە، دنیایەک، هەموان هەموان دەکوژن و وەک کوپە ئاڵتوون تەرمی کوژراوەکان دەشـارنەوە. چەندین سـاڵە من پێم وایە، لە دەرەوەی ژوورەکەمەدا، مرۆڤ یا بکوژە یان کوژراو!

ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە دنیای زۆر لە دنیای ناو ئاوێنەکەی من گەوەرەتر هەیە. تێگەیشتم کە باوکم بۆ مەرامی گەندەڵی خۆی، نەیئەویســـت لە ژیان وەک خۆی، وەک ئەوەی هەیە تێبگەم.

دواجار کەوتمە بەر وێنەیەکی گەورە، سەرنجی ڕاکێشام و پەلکێشی خۆی کردم. چوومە ژوورەوە. لە دەلاقەیەکەوە سەروسەکوتی پیاوێک وتی "گەر دەتەوێ فیلمەکە ببینی، دەبێ بلیت ببڕی."

من کە کوڕی بەردەم ئاوێنە بووم و دەموبەست بەر دنیای ڕاستی بکەوم. دیسانەوە کەوتمەوە بەردەم ئاوێنەیەکی گەورەتر، کە بێشووومار ڕەنگ و مرۆڤ پێکهەڵدەپژان. سینەما چ سیحرێکە! بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا، من وەک نابینایەک، وەک نەزانێک، پیاوێک دەستی گرتم و لە تاریکییەکی پڕ دەنگدا. بە لایتەکەی دەستییەوە و لە ناو تاریکییەکی چڕدا، دەگەڕا تا شوێنێکم بۆ بدۆزێتەوە. کاری من کە هەمیشە گەڕان و دۆزینەوەی شوێنی قوربانییەکان بووە. وا خۆم وێڵم و کەسێک دەگەڕێ بە دوای شوێنمدا! یەکەم جارە، خۆم لە بەردەم ئاوێنەیەکدام کە ئاوێنەی ژوورەکەم نییە و بە دوای وەڵامدا دەگەڕێم! ژنێک منداڵەکەی فڕێنراوە، دەگری و لە پۆلیسەکان دەپاڕێتەوە بۆی بدۆزنەوە. لە نیوەی فیلمەکەدا، زانیم کێ منداڵەکەی فڕاندووە. زانیم کە لە کوێی شاردا شاردوویانەتەوە. هەستامە سەر پێی و پڕ بە هۆڵە تاریکەکە هاوارم کرد. ئەو منداڵە هەمان ئەفسەری پۆلیس لەگەڵ گرووپێکدا شاردویانەتەوە. من ئەو شوێنە پێ دەزانم. پڕ بە هۆڵەکە دەمقیژاند و دەستم ڕادەوەشاند. ڕامکردە بەردەم ئاوێنە زەبەلاحەکەو و بە دەم هاوارەوە دەموت. من دەزانم، شوێنی منداڵەکە دەزانم. وەرن لەگەڵم. کۆتاییی فیلمەکە لای من وەک ڕۆژی ڕووناک دیار بوو.

گۆڵمەزێکی وام لە سینەماکەدا خوڵقاند، پیاوێک بە شەق و زلە فڕێیدامە دەرەوە. دە ئاوێنەی بازنەیی، ئەوەی پیاوە پیرەکان بۆ ڕیشتاشین بەکاری دەهێنن. لەگەڵ خۆم هێناوە. لە یەک کاتدا لە دە ئاوێنەوە خۆم و خەڵک دەبینم. لە هەڵپچڕاندنی قووتووی حەوتەمی بیرەکانما. خۆم لە هەر دە ئاوێنەکەوە دەبینم. لە هەر بازنەیەکیشدا، جۆرێک

دەردەکەوتم! بەڵام بە تەنها نا، هەمیشـــە ســـێبەری ڕۆحێکی وێڵ، لە تەنیشـــتمەوە بە سیمایەکی تورەوە، دەرئەکەوت.

لە بیرم چوو بڵێم، لەگەڵ بیرەکان و ئاوێنەکاندا، پاکەتێک لەو موسـەشـم کڕی کە بەسـەر بەرگەکەیەوە، جەســـتەی ڕەقـی تـیـمســـاح، شـــەقـار شـــەقـار بـووە. بە دەم هەڵقوڕانی بیرەوە، خوێن لە نەرمایی مەچەکمەوە دەچۆڕێ. لە هەر دە ئاوێنەکەوە، خۆم دەبینم کە وەک وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕێم. تاوێک زەرد وەک لیمۆ، تاوێک تەڵخ وەک دارسـتان لە تەمومژدا. وردە وردە هەڵدەگەڕێم بۆ سـپێتی زسـتان. وەک تۆپەڵە بەفرێکی ژێر دەستی منداڵان خلۆر دەبمەوە کە دەیانەوێت بیکەنە سەری شێرەبەفرینەیەک. هەموو تەمەنم لەسـەر دڵم بووەتە گرێ. هەموو زەمەنی ئەو ماوەیەی ژیانم کە دەمرم و هەرگیز نازانم بە ڕۆژ و مانگ و ســـاڵ چەند دەکات. چونکە من قەت ســـاڵنامەیەکم نەبووە و نەبینیوە! لە ژوورێکی تاریکدا، ڕوحلەبەرێکی ســـیســـەڵەی بێ دەمودوو، لە دەرەوەی زەمەندا دەژیام. بەڵام دەزانم لە ژوورە تاریکەکەمدا، بیست جار گەرمای گەرم و سەرمای ساردم چشتووە.

لەگەڵ قومی بیرەدا کە دەڕژێتە ئاگاییمەوە! لە هەر دە ئاوێنە بازنەییەکەوە، بێشـــوومار مـــرۆڤـــی بـــێ گـــۆڕ و بـــێ نـــاوونـــیشـــان دێـــنە دەرەوە. حەڤدە پایز، حەڤدە گەڵاڕێزانم بینیبوو کە بۆ جاری دووەم، بردمیانەوە بەردەم دکتۆر. ڕۆژ دوای ڕۆژ بیمارتر دەبووم. ئیتر قاچم لە دووم نەئەهات. پێسـتی لەشـم هەڵدەوەری. دوومەڵ بە ئارەزووی خۆی هەر شـــوێنێکی جەســـتەمی پێباش بوایە ســـەری لێدەهێنایە دەرەوە، دوومەڵی پڕ کیم و میکرۆب. خوێنبەرێکی دڵم تەســـک ببووە و یەکێکی تریان فروان ببووەوە. باش هەناســـەم بۆ نەئەدرا و کۆکەی وشـــک بەرۆکی بەرنەئەدام... پاش پشـــکنین، دکتۆرەکە پێی وتم." تۆ تاقە کەســـی لەم دنیایەدا کە خڕۆکە ســـپییەکانی جەستەت، لەبری بەرگری پەلامارت دەدەن! ئەوان لەبری ئەوەی بتپارێزن لە تەنی نامۆ و

ڤایرۆسی کوشندە و نەخۆشی، خۆیان هۆکاری نەخۆشێکانتن. لە وڵاتێک دەچیت هیچ هێزی سەربازی و بەرگری نەبێت. یان وڵاتێک، هێزە بەرگرییەکەی دەستی لەگەڵ دۆژمناندا تێکەڵ کردبێت. ئەوان لە بری ئەوەی بتپارێزن، دەرگا بە ڕووی هێرشی لەشکری دوژمندا دەکەنەوە! کوڕم دەردی تۆ بێ دەرمانە. لە ملیۆنان کەس، کەسێک وەک تۆ موبتەلای ئەم نەخۆشییەیە. دواجار هیچ چارەسەرێک بۆ تۆ نییە و تا ئێستا دەرمانی نەدۆزراوەتەوە. تۆ بە نەخۆشی و ڕەزیلی دەمریت. ڕۆژ دوای ڕۆژ وەک تۆزی سەر باڵی پەپوولە هەڵدەوریت..."

لە تەمەنی هەژدە پاییزیدا، قاچ و قوولم ئیتر خۆیان بۆ ڕانەدگیرا و بە گاگوڵکێ دەڕۆیشتم. وەک کرم، بە ژوورەکەدا، دەخشام و بە ئاستەم دەجوولام. بە ناچاری باوکم، کورسیی عارەبانەیەکی پزیشکی بۆ کڕیم و ئیتر من ببوومە مرۆڤێکی ئیفلیجی سەر عارەبانەیەکی نێو ژووریکی تاریک و پڕ بۆنی بخورد. کەسێکی بەردەم ئاوێنەیەکی گەورەی پڕ مردووی بێ گۆڕ و بێ سۆراغ. لە ژووریێکدا، تەنها دوو جۆر خەڵکم دەبینی. ئەوانی دەهاتن تا شوێنی مردووەکانیان بۆ بدۆزمەوە. یان ئەوانی لە ڕۆژگاری دوور یان نزیک، کوژرابوون و دەهاتنە ناو ئاوێنە ئەفسونگەراکەی بەردەمم، دیانبردم بۆ شوێنی زۆر دوور و زۆر نزیک، بۆ سەر تەرمە هەڵئاوساو و تەرمە بە ئێسکبووەکانیان. لەنێوان ئەو دوو جۆر مرۆڤەدا، خۆشم نیوە مردوویەک زیاتر نەبووم. هەر بەڕاستیش وابووم. نیوەی لەشم مردبوو و تەنها نیوەیەکی کەنفت دەژیا، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ تەرازووی لایە مردووەکەم قورس و قورستر دەبوو. تاقە ئەندام لە منداڵ، نەک نەدەمرد، بەڵکوو ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوو. چاوەکانم بوو، کە وەک چاوانی گورگ، یان هەڵۆ، قووڵتر و تیژتر دەیانبینی. لەنێو بیرێکی قووڵدا، لەنێو بیابانێکی فراواندا، لەنێو دەریایەکی بە شەپۆلدا، بە خێرایی تەرمی قوربانییەکانم دەدۆزییەوە و شوێنیانم ئاشکرا دەکرد. شەوان، کاتێ ئەو حەپانەم قووت دەدا کە دکتۆرەکە بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکانم و

نووستن بۆی نوسیبووم. دەکەوتمە بارودۆخێکی بێ ئاگایی سەیرەوە! بێ ویستی خۆم، گۆڕغەریبانی نێو ئاوێنەکە، دەهاتنە دەرەوە و دەستیان دەخستە ژێر باڵمەوە و سوک و ئاسان بەرزیان دەکردمەوە و لەگەڵ خۆیاندا، دەیانبردمە نێو ئاوێنەکە و دوور دوور، قوڵ قوڵ، لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردم. بۆ شوێنانێک کە هەرگیز بە خەونیش نەمبینیبوون! ئەوان سپی سپی، بە باڵی گەورەی پڕ شاباڵی شمشێرییەوە، بە دەنووک چوارپەلیان دەگرتم. بەرز بەرز دەیانفڕاندم و لە ژێرمەوە زەوی هەر هێندەی تۆپێکی پێ دەردەکەوت. نزم بەسەر ئۆقیانوسەکاندا دەیانفڕاندم و لە شەپۆلدا تەڕ و هەناسە سارد دەبووم. بەسەر بیابانی بێسنوور و بێکۆتاییدا دەیانفڕاندم و لەنێو گەردباوی چڕ و لولپێچدا، وەک فڕفڕۆکە دەخولامەوە.

شەوێک یەکێک لە ڕۆحەکان، بەسەر بیابانەکەوە لە پڕمەی گریانیدا و هاوار و نااڵەی ئاوێتەی لرفە و هاژەی گەردباوی بیابانەکە بوو. بە دەم بەرهەنسکدانەوە پێی دەوتم. "لە ژێرەوەی ئەم بیابانەدا، هێندە ئێسکوپڕوسکی قوربانییەکان زۆرن. گەر هەزار ساڵیش تەمەن بکەی، لەناو ئاوێنەکەتدا و بەردەوام بۆیان بگەڕێیت و یەک یەکیش بیاندۆزیتەوە، هێشتا هەموویانت بۆ نادۆزرێتەوە و ئاوێنەکەت لە بێزاری و تووڕەییدا هاوار دەکات "هل من المزيد"

ئیتر لە توانامدا نەما، ئەو هەموو گۆڕ بزرە. شەوان یان ئەوان لە ئاوێنەکەوە دەهاتنە دەرەوە. یان من دەچوومە نێو ئاوێنەکەوە. هەزاران ڕۆحی نێو دەریای ئیجە، هەزاران ڕۆحی نێو بیابانەکان، هەزاران ڕۆح کە سەری بڕاوی خۆیان، لە باوشدا بوو و عەودااڵی جەستەیان بوون. دەهاتن و دەیانویست من شوێنی جەستەکانیان بۆ بدۆزمەوە. دەهاتن و دەچوون. ژووڕەکەم هەموو شەوێ، پڕ دەبوو لە ڕۆحی گۆر غەریب. هەندێ شەو لە نێو شەپۆلی باڵا و سەرسەختی دەریای ئیجەدا و لەگەڵ بێ شوومار مرۆڤی

سەرگەرداندا بووم. هەندێ شەویش لەگەڵ سەدان ڕۆحی بێ ئۆقرەی نێو بیابانەکاندا بووم.

زۆر شەویش ئەوان لە ئاوێنەکەوە دەهاتنە دەرەوە و میوانی من دەبوون. ئەوان بەزەییان بەمندا دەهاتەوە. لە خۆم باشتر منیان دەناسی و دەیانپرسی. "ئەی ڕۆحی خۆت کوا؟! تۆ جەستەیەکی کەنەفت و ڕزیوی وەک جەستەی ئێمە، ئەی کوا ڕۆحت کوا؟!" دەستی دڵنیایی و حورمەتیان بە شانمدا دەهێنا و دڵنەواییان دەکردم. ئەوان تێکڕا دەیانوت. "چۆن لە ئاوا ژوورێکدا دەژیت؟! فراوانی بیابان و قوواڵایی دەریا، زۆر لێرە خۆشترە"

ئاخۆ من ڕۆحم هەیە، یان بوومەتە قیبلەنمای تراویلکە؟ ڕۆحم کوا کە بیابان هەمیشە وەک قەشمەرێک، گاڵتەی پێ کردووم. وردە ئێسکی پەنجەی منداڵانی پێشان دەدام و دەیوت؛ "ئەگەر زیرەکی، ئەم ناوکە خورمایانە، هی چ جۆرە خورمایەکە، بەڵحییە، یان بریمە، یا عەجوەیە..."

کەللەسەری دەم داچەقاوی پێشان دەدام و بە لاقرتێوە دەیپرسی "بەر لەوەی ئەم مرۆڤە ببێتە خۆراکی من، چەند ددانی کەوتبوو؟ لە جلوبەرگی ڕزیوی ئەم کۆمەڵە زۆرە وردبەبەوە، بووک و زاوای یەک هەفتە کامیانە؟ گەر زانیت خەڵاتت دەکەم..." جگە لە خۆکوشتن چ ڕێگاچارەیەک بۆ منی گاڵتەجاری بیابان ماوەتەوە؟! تەنانەت خۆکوشتنیش بۆ من گوزارشتێکی پڕ بە مانا نییە. من کوا ژیاوم، تا بمرم. لە یاریپەکی قورمیشکراوی بەر دەستی منداڵێکی چەتوون، دوای ئەوەی پاتریکەی لاواز دەبێت و تێکی دەشکێنێ، هیچی تر نیم. هەر لە بنەڕەتەوە، لە منداڵیمەوە، یاریپەکی دەستی باوکم و بیابان بووم. قورمیشی دەکردم و وەک مەیمونێکی ناقۆڵا و بەپێی ویستی خۆی هەڵیدەپەڕاندم و بە کاری دەهێنام. یاری بەردەم ئاوێنەیەک کە هێندە دەستی ڕاستم هەڵبڕیبوو، تا بە پەنجەم شوێنی ئێسکوپڕوسکی قوربانییەکان لە ناو تراویلکەی

ئاوێنەکەدا، پیشـانی کەسـوکاریان بدەم، وەک سـکی مەڕێکی بە دان کەوتوو ئاوسـابوو. وەک قۆڵی بوکەڵەی دەسـتی کچۆڵەیەکی لاسـار، شـانم ترازابوو و خەریک بوو لێ دەبـووەوە. بە نـاچـاری بـۆ ڕاگرتـنـی دەسـتـی چەپـم دەکـردە کـۆڵەکەی ژێـری. کەواتە مردن، لێرە لەم تاریکییە، زۆر خۆشـترە! بڕیارم دا و پەشـیمان نیم. لەو ژوورە هەڵهاتم و وا لێرە لەم ژووری میوانخانەیەدا، کۆتایی بەم گاڵتەجاڕی وەرزانە دێنم و ئیتر نە سـەوزی بەهار و نە زەردی هاوین و نە بارانی زسـتانم بۆ گرنگ نییە. بیسـت جار لە ژیـانمـدا، هەموو ئەو گـاڵتەجـاڕییە دووبـارەیەم بینیوە. ئیتر دەمەوێ بچمە وەرزی پێنجەمەوە. ئەو وەرزەی تەنها لەناو ئاوێنەکەمدا هەیە. وەرزی بێ ڕەنگی و بێ بۆنی، بێ ئازار و بێ جەستە، جێیەک لە هیچ جێیەک، بێ ئاگاییەکی چەشنی خەوی قوواڵی هاوین.